www.kurdistannet.org
3-3-2007 13:59 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## گەزۆ و ماست و سلق و بوختانکردن ... بۆ کورە جوامێرەکەی سلێمانی ... ڕەوا سەراوی

لەگەڵ هەر پێشکەوتنێکدا، کە رۆڵەی بەئەمەکی گەلەکەمان د. بەرهەم ساڵح لە رێی خزمەتکردنی کوردستاندا بەدەستی دێنێت، گەندەڵکارانی کوردستان و داخ لە دڵانی حزبایەتی تەسك بەڕاست و چەپدا دەکەونە پروپاگەندەو قسەوقسەلۆك بۆ لەکەدارکردنی لاپەڕەی سپیی ئەم سیاسەتمەداره گەنجەی کوردستان. هەندێ بەناوی کوردایەتی عەیار بیست و چوارو هەندێکیش لە ژێر پەردەی شارچێتی، گەڕەکچێتی، کەرکوکچێتی، سلێمانچێتی، هەولێرچێتی و عیراقچێتی دەکەونە هاوارو هەوڵدەدەن پەلاماری نارەوای خۆیان، لە ژێر پەردەی دڵسۆزی بۆ کوردو کوردستاندا، بشارنەوە، یەکێك لەوانە ئەو "هەڵو کوێستانییەیە" کە خوا خۆی دەزانێ قینی ڕەشی قەترانی وای لە چ کارگەو کۆمپانیایەکی گەندەڵکارانی ئەمڕۆی کوردستان بەقۆنتەرات گرتووە.

ئەوانەی بەناوی کوردایەتییەوە دەیانەوێ رۆڵی د. بەرهەم لە ریزی پێشەوەی بەدەستهێنانی مافەکانی کورد لە بەغدا کەمبکەنەوە، با خۆیان بچن لەناوجەرگەی بەغدا ئەم شەرە سیاسییە بکەن. ئەوانەی دەیانەوێ بەناوی سلێمانچێتییەوە خەڵکی بەئەمەکی سلێمانی فریوبدەن، دەبێ بزانن بنەماڵەی د. بەرهەم لە بنەماڵە ئەسڵ و ناسراوەکانی سلێمانین و شوکر بۆ خۆوا ئەوەندەیان هەیە کە وەکو خەڵکی تر ناچارنییە بەناوی سیاسەت و کوردایەتییەوە ببێتە شەریك و هاوبەش لە ڕزقی خەڵکی قارەمانی شاردا.

ئەو هەڵۆیەی وەك کوندەپەپوو لە تاریکی ناوی خوازراودا سەری کزکردووەو وتارەکەی پڕکردووە لە زانیاری هەڵە، ئەوە با ئاستی نووسین و بوختانەکانیشی لەولاوە بوەستێ.

*جارێ د. بەرهەم لە سلێمانییەوە نەچۆتە ئەمریکا. د. بەرهەم لە ساڵی1979ەوە، هەر دوای خوێندنی ئامادەیی، چۆتە لەندەن و لەوێش لە رێکخستنەکانی یەکێتی درێژەی بەخەباتی سیاسی داوە. گەنجێکی ئامادەیی چی داوە لە ململانێی کوتلەکانی ناو یەکێتی لەو سەردەمەدا. بەرهەم لە لەندەن مایەوە، هەتا بە ئەمری یەکێتی لە لەندەنیشەوە گواستیانەوە بۆ ئەمریکاو بووە لێپرسراوی ئۆفیسی (ی. ن. ك) و حکومەتی یەکگرتوو.

لەوێ بەلیاقە و توانای خۆی بووە دبلۆماتێکی دیاری کورد، بێگومان بەرێز مام جەلالیش پشتیوانی لێ کرد، ئەویش وەکو هەندێك کەسی تر پشتیوانی مام جەلالی بەفیرۆنەداو خستییە قازانجی یەکێتی و کوردستانەوە. ئایا ئەمە چی نەنگییەکی تێدایە؟!

خەڵکی بەویژدان با خۆیان سەرپشك بکەن، ئایا ئەوەی حکومەتە کەم دەرامەتەکەی یەکێتی کردی، حکومەتی برایم خەلیل و حکومەتە دەوڵەمەندەکەی ئەمڕۆ پێی کراوە؟

ئەم بەرێزە نەناسراوە دەڵێ دوای ڕوخانی سەددام، د. بەرهەم چووە بەغداو حکومەتی سلێمانی بێ حکومەت بەجێهێشت. جارێ ئەوە حکومەتی کوردستان بوو کە بەشانازییەوە پایتەختی بابان مەڵبەندەکەی بوو. دووەم ئەمە جگە لە درۆیەکی شاخدار هیچی تر نییە. بەرهەم کاتێك چووە بەغدا کە ساڵێك بوو خەڵکی تر لە بەغدا بوون و نەیاتیوانی تۆزقاڵێك خزمەتی کورد بکەن. ئەی دکتۆر ڕۆژ شاویس و بروسکەی برای موشێنیان دەکرد. کاتێکیش بەرهەم چووە بەغدا کە حکومەتی هەرێمی سلێمانی کابینەیەکی نوێ دەست بەکار بوو، ئەو حکومەتە گوایە لە بەشی ئیدارەی سلێمانی و بودجەی هەرێم دەبوایە ئەو پرۆژانە تەواوبکات کە حکومەتە هەژارەکەی د. بەرهەم جێبەجێیکرد.

هەموو خەڵکی کوردستان دەزانن، ئەگەر مام جەلال و بەرهەم لە بەغدا نەبن، کورد نە میزانیەی دەبێ و نە فیدرالی و نە نەوت و نە ئاڵا. لەبەر ئەوە، ئەو قسەیە ڕاست نییە کە کەس سەرۆکی حکومەت نەبووەو ماشەڵلای لێ بێت ئێستا حکومەتی یەکگرتوومان هەیە. هەقە ئەو هەڵو کوێستانیەش بپرسێ،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەرێ ئەو بودجەیەی بەرهەم بە شەڕو بە دبلۆماسیی لە عیراقی وەردەگرێت، لە هەولێرو سلێمانی چێ لی دەکرێت؟

باسی شەریکی و عەقدوعقودی بەرهەم لەگەڵ کۆمپانیاکاندا، ئەوە شوکر وشیارە خەڵکی سلێمانی و هەولێر دەزانن ئەو دوو شارە داماوە بەدەست کێوەیە. برا ئەوانەی تۆ داکۆکیان لی دەکەی تەندەری گەزۆی سلێمانی و تەندەری ماستی هەولێریشیان بۆ خۆیان قۆرخکردووەو چاویان لەوەیە سڵقی کەرکوکیش لەگەڵ خەڵکی ئاوارە برابەشبکەن.

بەردێکی لەسەر دانێی باشترە، دەنا لە بەشی دووەمی نووسراوەکەتدا خۆت ئاشکراکردووە لە بن باڵی کێوە قسەدەکەی. منەتی چی بەسەر بەرهەم و یەکێتیدا دەکەی؟ جەنابی کاك مسعود ئەوەندەی باوەری بەتواناو لیاقەتی بەرهەم هەیە، ئەوەندە باوەری بەتوانای خەڵکی تر هەبوو؟ لە خۆت و خەلکی بپرسە، ئەوە کێ بوو نەیهێشت سوێندی فیدرالی لە مەراسیمی حکومەتەکەی جەعفەری بقرتێ؟ ئەوە کی بوو بە نامە هەڕەشەی کشانەوەی لە حکومەتی جەعفری کرد؟ کە باسی گەندەڵی پارەدەکەیت، وامزانی باسی فەزیحەکەی وزارتی دیفاع دەکەی کە حازم شعلانی و . . . ی تیاچوو؟ وامزانی باسی خزمەکانی غازی یاوەر دەکەی؟ کە باسی ئەوە دەکەی بەرهەم لە عەرەب عەرەبترە، وامزانی باسی ئەندازیاری موئتەمری مێالحە دەکەی لە قاهیرە کە ئیستاش سایتی وەزارەتخانەکەی بە عەرەبی دەنوسرێ. کە باسی یاسای نەوت دەکەن، وامزانی باسی ئەو گریبەستانە دەکەی کە بەناوی کوردایەتیەوە پارەی خەڵك و بودجەی خەلك حەپەلۆشدەکەن. باسی کوێتان بکەم کە وەکو حوشتر هەمو لەشتان خواربێ؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.